120 ملیار دیناری داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی (ئەیلول/9) خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی عێراق

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، 120 ملیار دیناری داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی (ئەیلول/9) خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی عێراق، بەوەش چاوەڕوان دەکرێت لە هەفتەی داهاتودا موچەی مانگی نۆی فەرمانبەرانی هەرێم بێت و دەست بە دابەشکردنی بکرێت.

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ چوارشەممە ڕادەستکردنی داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی (ئەیلول/9) ڕاگەیاند، ئەوەش دوای ڕاگەیەندراوەکی دوێنی وەزارەتەکە هات کە ڕایگەیاندبو، ڕاپۆرتی تەرازوی پێداچونەوەی خەرجی و داهاتەکانی کوردستان بۆ مانگی (ئەیلول/9) ڕەوانەی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ کراوە و بەدوایدا 120 ملیار دینارەکە بۆ شێوەی کاش دەخرێتە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکوومەتی فیدراڵ لە لقی هەولێری بانکی ناوەندیی عێراق.

وەزارەتی دارایی لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، بەیانی ئەمڕۆ بڕی 120 ملیار دینار وەک داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی (ئەیلول/9) خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق.

بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا، ناردنی موچە پەیوەستە بە ڕادەستکردنی 120 ملیار دیناری داهاتی ناوخۆ و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم، کە لە ئێستادا هەردو مەرجەکە جێبەجێکراوە و محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق دوێنی ڕایگەیاند کە هیچ کێشەیەك بۆ ناردنی موچە نیە. هاوکات تەیف سامی وەزیری دارایی عێراق دوێنی وتی، "هەفتەی داهاتو موچەی هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکەین".